کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە



# توێژینەوەی کارەساتێکی گەورە
# دۆعا، دەسەڵاتی سیاسی، میدیای رەسمی

ڕووداوی بەردبارانکردنی دۆعای جوانەمەرگ و دڵ پڕ لەئەوین، لەبەرچاوی دەسەڵات و بەڕۆژی ڕووناک شەممە ٢٠٠٧/٤/٧ ڕوویداوە، بەڵام میدیای کوردی و دەرەوە تەنها پاش تیرۆرکردنی دڕندانەی ٢٤ کرێکارە ئێزیدییەکە لە رۆژی ٢٠٠٧/٤/٢٢ دا باسیدەکەن . . ! پرسیارێکی گەورە دێتەپێش: ئەم ماوەیەی نێوان ٧یمانگی چوار و ٢٢ی مانگ واتە شازدە رۆژ کە بەسەر ڕوودانی ئەم کارەساتە بێوێنەو جەرگبڕەدا تێپەڕبوو، دەسەڵاتی سیاسی کوردستان و عێراق، میدیای رەسمی و ڕێبەرانی ئایینی لەکوێ بوون؟

پرسیارێکی دیکەش کە مرۆڤ دەتوانێ لە خۆی بکات ئەمەیە: ئایا ئەگەر لەباتی لەشی لاواز و بێگوناهی کیژۆڵەی گەنج دۆعای جوانەمەرگ لەو ڕۆژەدا هەر لەو شوێنە بەردیان بگرتایەتە ڕەسمی سەرۆکی کوردستان یان سەرەک کۆماری ئێراق، ئایا بەخێرا و هەر لەڕێگای یەکێک لەو هەموو تەلەفوونە موبایلانەوە هەواڵەکە نەدەگەیشتە دام و دەزگاکانی دەسەڵات و میدیای رەسمی؟ لە وەها حاڵەتێکدا ئایا کاردانەوەی توندی بەشوێنەوە نەدەبوو؟ ئایا دەسەڵاتداران و نوێنەران و بەرپرسانی حیزبی باڵادەست خێرا لێکۆڵینەوەیان لەسەر نەدەکرد و کامێرای تەلەڤیزیۆنەکان بەرەو ئەوێ وەڕێنەدەکەوتن؟ . . . ئایا . . . ئایا . . ؟

بەڵام خۆ وانەبوو. دەبا بەپشتبەستن بە ڕۆژنامە رەسمییەکانی «خەبات» و «کوردستانی نوێ» و زانیارییەکانی هەفتەنامەی سەربەخۆی «ئاوێنە» بزانین رەوتی ڕووداوەکە چۆن بوو.

## کرۆنۆلۆژی ڕووداوەکە:

- بەپێی گوتەی تاڤگە خان کەدانیشتووی شاری ئوپسالای سوێدە ( لە چاوپێکەوتن لەگەڵ رۆژنامەی ئێکسپرێسنی سوێد رۆژی ٢٠٠٧/٤/٢٦) دۆعا، کە برادەری تاڤگەخان بووە، پێش چەند ساڵ لە خانەیەکی ئەمنی ژنان ژیاوە لە کوردستان.
- دۆعا لەگەڵ «موهەندی» ١٧ ساڵان پەیوەندی ئەویندار‌ی هەبووە؛ موهەندی ئەڵێ من داوام لە دۆعا نەکردووە ببێتە موسوڵمان هەرئەوەندەی پەیوەندی ئەوینداریمان هەبووە.
- برایەکی موهەندی وتی: دۆعا موسولمان نەببوو براکەیشم نەیگوتبوو ببێتە موسوڵمان تەنها پەیوەندێکی ئەویندار‌ی بوو و بەس. . . (سەرچاوە ئاوێنە ٢٠٠٧/٥/١)

### - رۆژی ٢٠٠٧/٤/٦

لەلایەن دەسەڵاتەوە (دیار نییە کێیە) دۆعا لەگەڵ خۆشەویستەکەی کە کوڕێکی عەرەبی موسوڵمانە بەناوی موهەندی، هێنراوەتە گوندی بەحزانی کە سەر بە ناحیەی باشیک (بەعشیقە). کەسێک بە ناوی خێری شنگالی لە لاپەرەی شەشی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ٢٠٠٧/٥/٢دا نووسیویەتی: «. . . ئەو کچە زنای کردبوو لەگەڵ کوڕێکی موسوڵمان و خۆی شاردبووەوە لە ماڵی سەرۆکی قەواڵان، سلێمان سڤۆ. »
دۆعا و کوڕەکە یەکیان دیتووە و پاشان براونەتە ماڵی «مەزنێ قەوالا سلیمان قەوال» لە باشیک. دەسەڵاتدارانی ناوچەکە (دیار نییە کێیە) ئیمزایان لە بنەماڵەی هەردوولا (واتە کوڕو کچەکە) وەرگرتووە کە کێشەکە گەورە نەکەنەوەو کچەکە نەکوژن تاکوو هەموو شتەیەک لە گوندی بەحزانی (کەوادیارە گوندەکەی ماڵی دۆعایە) دیارو ئاشکرا بکرێت (سەرچاوە ئاوێنە

(٢٠٠٧/٥/١)

## سێشەممە ٢٠٠٧/٤/٧ڕۆژی ڕەشی بەردبارانکردن

- د.عبدالعزیز کوڕی قەوال سلێمان ئەڵێت کە ڕووداوەکە زۆر گەورەبووەوە و ڕۆژی دووهەم (واتە ٧/٤) بە دەیان کەس لەبەر دەرگای ماڵی ئێمە کۆبوونەوەو دەیانەویست دۆعا بەزۆر لەماڵ بێننەدەر و بیکوژن. . . نەمانتوانی چیدی دۆعا بحەوێنینەوە و ڕەوانەی کەس‌وکارمان کرد. بەڵام ئەوخەڵکەی دەورووبەی ماڵمان کۆببوونەوە ڕەجمیانکرد . ..

- ژێدەرێکی ڕەسمی (دیارنییە ئەم ژێدەرە ڕەسمییە کێیە؟) لە باشیک وتی: ئێمە بەهیچ شێوەیەک نەمانتوانی تدخل بکەین. چونکوو تەسەورمان دەکرد کە « کێشەکە بە شێوەی عەشایری چارەسەر دەکرێت» و بەو شێوەیە نایکوژن. چەند پولیسیش کە خەڵکی ئەوێ بوون . . . (سەرچاوە ئاوێنە ٢٠٠٧/٥/١)

فەرمایشەکانی جەنابی ژێدەر زۆر جێگای سەرنجن و هەتا سەر ئێسقان نیشاندەری فەرهەنگی عەشیرەتی پیاوسالارانەی دژبە ژن و دژبە مرۆڤایەتی دەردەخات. لەڕاستیدا دەکرێت بڵێین جەنابی ژێدەری ڕەسمی مەبەستی لەوەی کە «بەشێوەی عەشایری چارەسەر دەکرێت» و هەروەها «بەوشێوەیە نایکوژن» ئەوەیە کە تەسەوریان دەکرد دۆعایش هەروەکوو دەیان و سەدان کچ‌و ژنی دیکە بە تەقەکردن و یان «خۆسووتاندن و یان خۆکوشتن» لەناودەبرێت. . . کارەکەیش بەشێوەیەکی نهێنی دەیکەن کە لەچاوی خەڵکەوە دووربێت و لەوانەیە نەک هەر بکوژ بەڵکوو لەشی بێگیانی ژنەکەیش نەبیندرێتەوە. شایەتی ئەمەش ژمارەی ڕوولەزیادی ژن و کچی کوژراو و سووتێندراو و «بەر گوللەی وێڵەکی» کەوتوو و بێسەروشوێنکراوە لە کوردستان.
هەر چەند مانگ لەمەوبەر بوو کە خانمێکی ئەندام پارلەمان لەگەڵ یەکێک لە ڕۆژنامەکاندا باسی ئەوەی کرد کە دیاردەی کوشتن بە ناوی نامووسەوە زیادیکردوە لە کوردستان.

کە ڕۆژی ٧ی مانگ دۆعا بەردباراندەکرێت، لێرەدا ئیتر وەک فیلمێکی سینەمایی وایە کە کتوپڕ لە ساتەوەختێکدا بەهۆی بڕینی کارەباوە، ڕووداوەکە دەوەستێندرێت . . .!
نە لە لای دەسەڵات و نەلەلای میدیای ڕەسمییەوە نەباسی گوندی ئەحزانی هەیە، نە کچێک بەناوی دۆعا بوونی هەبووە و نەهیچ ڕووداوێکیش نەناحیەی باشیک ڕوویداوە . . .

ئەم بێدەنگییە لە ڕۆژانی دواییشدا هەر بەردەوامە . . .

- ٨/٤ بێدەنگی دەسەڵات و میدیای ڕەسمی
- ٩/٤ بێدەنگی دەسەڵات و میدیای ڕەسمی
- ١٠/٤ بێدەنگی دەسەڵات و میدیای ڕەسمی
- ١١/٤ بێدەنگی دەسەڵات و میدیای ڕەسمی
- ١٢/٤ بێدەنگی دەسەڵات و میدیای ڕەسمی
- ١٣/٤ بێدەنگی دەسەڵات و میدیای ڕەسمی
- ١٤/٤ بێدەنگی دەسەڵات و میدیای ڕەسمی
- ١٥/٤ بێدەنگی دەسەڵات و میدیای ڕەسمی
- ١٦/٤ بێدەنگی دەسەڵات و میدیای ڕەسمی
- ١٧/٤ بێدەنگی دەسەڵات و میدیای ڕەسمی
- ١٨/٤ بێدەنگی دەسەڵات و میدیای ڕەسمی
- پێنجشەممە ١٩/٤ بێدەنگی دەسەڵات و میدیای ڕەسمی (دواتر ئاماژەیەک بەم ڕۆژە دەکەم)

- هەینی ٢٠/٤ بێدەنگی دەسەڵات و میدیای رەسمی
- لەم رۆژەدا مەلای مزگەوتی زیناوەیی لە موسڵ فتوای کوشتنی ئێزیدییەکانی داوە کە گوایە ژنێکی موسوڵمانیان کوشتووە.(کوردستانی نوێ ٢٠٠٧/٥/٢ لەنووسینی خێری شنگالی)
- ٢١/٤ بێدەنگی دەسەڵات و میدیای رەسمی

**- یەکشەممە ٢٢/٤**
- بێدەنگی دەسەڵات و میدیای رەسمی؛
- ٢٤ کرێکاری ئێزیدیی خەڵکی باشیک بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە و لەبەر چاوی دەیان کەس بەدەستی تێرۆریستان دەکوژرێن.
- هەر لەم رۆژەدا فیلمی ترسناک و هەژێنەری بەردبارانکردنی دۆعا لەسەر سایتەکان بڵاودەبێتەوە.

**- دووشەممە ٢٣/٤**
رۆژنامەی خەبات «. . . سەرۆکی کوردستان کردەوە تێرۆریستییەکەی دژ بە کوردی ئێزیدی خەڵکی باشیک ئیدانە دەکات . . .»
هیچ باسێک لە کوژران و بەردبارانکردنی دۆعاو فیلمەکە ناکرێت!
رۆژنامەی «جەماوەر»: « د. جینان قاسم وەزیری هەرێم بۆکاروباری ژنان ئەڵێت من کە لە ڕۆژنامەکەی ئێوە رەسمەکەم بینی گریام. دەبێ یاسا دەوری خۆی ببینێ. من چاوەڕوانی راپۆرتی ئەندامانی پەرلەمانم.»
زۆر بەداخەوە دەردەکەوێت کە یەکەم خاتوو وەزیر ئاگای لە بەردبارانکردنی دۆعا نەبووە و دووهەمیش چاوەروانە لە پەرلەمانەوە راپۆرتی بۆ بچێت. واتە نوێنەری دەسەڵاتی بەڕێوەبەر چاوەڕوانە کە دەسەڵاتی یاسادانەر راپۆرتی پێبدات!
رۆژنامەکانی دیکەی ئەم رۆژە هەریەکە و بەشێوەیەک باس لە پیلانی ئیقلیمی و یان هی شوڤینیسمی عەرەب و . . هتد دەکەن.

**- سێشەممە ٢٤/٤**
- رۆژنامەی کوردستانی نوێ لاپەڕەی دوودا ئەنووسێت کە کوژرانی کرێکارە ئێزیدیەکان: «. . . لەتۆڵەی ئەو کچەدا کە گوایە لە ئێزیدییەوە بووە بە موسوڵمان . . کە ماوەیەک لەمەوبەر بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتییەوە لەلایەن کەسو کارییەوە کوژرابوو. . .»
- رۆژنامەی خەبات : «مەکتەبی سیاسی کارە تێروریستییە کەی ئەم چەند رۆژەی مووسڵ و دەوروبەری ئیدانەدەکات . . . »
- رۆژنامەی خەبات : «سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کارە تێروریستییە کەی ئەم چەند رۆژەی مووسڵ و دەوروبەری ئیدانەدەکات . . . »
وەک دەبینرێت نە مەکتەبی سیاسی پارتی و نە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران هیچ باسێک لە دۆعا و بەردبارانکردنەکەی ناکەن! خۆ ئەوان باشدەزانن کە فیلمی ئەم کارەساتە لەسەر زۆربەی ماڵپەڕەکان دانراوەو بە سەدان هەزارکەس بینیوویانە.

**- چوارشەممە ٢٥/٤**
رۆژنامەی خەبات: «چەند کەسایەتییەکی ئێزیدی تاوانی بەردبارانکردنی کچێکی ئێزیدی لە گوندی بەحزانی مەحکووم دەکەن . . . هەرچەندە ئەو ئافرەتە لایداوە لە بیروباوەڕو ڕێنما کۆمەڵایەتییەکانی دیانەتی ئێزیدی . . . ئیمزا: د.دەخیل سەعید، مەحمود عیدو هەردووکیان وەزیری هەرێم، عیدو باباشیخ راوێژکاری سەرۆککۆماری ئێراقی فیدراڵ و د.مەمۆ فەرحان،

دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، کوردستانی ئێراق – هەولێر 2007/4/19»
- لە رۆژنامەی کوردستانی نوێدا ئەوەندەی من گەڕام ئەم نووسراوەیەم نەبینی هەرچەند کە دوو وەزیر و راوێژکارێکی مام جەلالیش ئیمزایان کردووە . . !

لێرەشدا چەند سەرنجێک پێویستە:
یەکەم دیارنییە بۆچی ئەم کۆبوونەوە رۆژی ١٩/٤ کراوە و نوێنەرانی بەرزترین ئۆرگانەکانی دەسەڵات بەشداربوون و بەیانێکیشیان دەرکردووە بەڵام پاش پێنج رۆژ بڵاودەکرێتەوە . . .
دووهەم نوێنەرانی ئێزیدی دەسەڵات هێشتایش هەر خەریکن بەرد دەگرنە دۆعای جوانەمەرگ و ئەڵێن «هەرچەندە ئەو ئافرەتە لایداوە لە بیروباوەڕو ڕێنما کۆمەڵایەتییەکان . . » جا باشە چوارکەس لەو پلەوپایەدا بەوشێوەیە بدوێن، چ چاوەڕوانییەک هەیە لەو کەسانەی کە ئەمانە بە مەزن و دەمڕاستی خۆیاندەزانن.
سێهەم لە ماوەی نۆزدەی مانگ کاتی نووسینی ئەم بەیاننامەیە و دەرچوونەکەی واتە بیستوچواری مانگ دووشت روویداوە: لەلایەکەوە ئەو کرێکارە هەژارە ئێزیدیانە بەو شێوە دڕندانەیە تێرۆرکراون و دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبووە، لەلایەکی دیکەشەوە فیلمی بەردبارانکردنی دۆعا لە سەر سایتەکان دانراوە. . .
خۆ پێویست ناکات ئینسان زۆر توێژینەوە بکات بۆ ئەوەی تێبگات کە ئەم چەند پیاوە کوشتنی کچێکیان بۆ گرینگ بووبێت – بەتایبەت ئەگەر ئەو کچەش وەک ئەوان دەڵێن لەبیروباوەڕ لایدابێت – بەڵکوو تەقینەوەی کارەساتەکەو هەروەها بڵاوبوونەوەی فیلمی رووداوەکە وای لێکردوون کە بەیاننامەکە بڵاوبکەنەوە.

لەڕۆژانی پێنجشەممە ٢٦/٤، هەینی ٢٧/٤، شەممە ٢٨/٤دا سایتەکوردییەکان بەشێوەیەکی بێوێنە پڕن لە وتارو لێکدانەوەو شێعر کە لە هەموویاندا ڕق و بێزاری و تووڕەییەکی ئێجگار زۆر دەبینرێت. قسەوباسی سەرەکی تەلەفوون و چاوپێکەوتنەکانی کوردەکانیش هەر بریتییە لە باسی دۆعا و دەربڕینی تووڕەیی و سەرسووڕمان لەو هەموو دڕندەییەی بەو ئاشکراییە بەرامبەر بەو کچە کەنجەکراوە.
زۆر لەمێژە هیچ بابەتێک وەکوو ئەم بەردبارانکردنەی دۆعا جەماوری کوردی نەهەژاندووە.
بەڵام مخابن بۆ کامێرای تەلەڤیزیۆنە رەسمییەکان کە بچنە ناوخەڵکەوە و هێندێک لە بیرو بۆچوونەکانیان بڵاوبکەنەوە. . .

**- یەکشەممە ٢٩/٤**
خۆپیشاندانی نزیکەی ١٥٠کەس لە زیاتر لە پەنجا رێکخراوی ژنانو ئافرەتان و کۆمەڵی مەدەنی بۆ ئیدانەکردنی کوشتنی دۆعا (کوردستانی نوێ ٣٠/٤)
ئەم خۆپیشاندانە دەستپێشخەرییەکی زۆر باش و بەجێ بوو کە لە سلێمانیو هەولێرو دهۆکەوە بەشدارییان تێداکردبوو، نیشانیدا کە ژنانی تێکۆشەر و پیاوانی یەکسانیخوازیش (هەرچەندە زۆر کەمیش) رێگانادەن کارەساتێکی وەها گەورە بشاردرێتەوە و لەبەردەم پەرلەمانی کوردستاندا دەنگی خۆیان بەرزکردەوە. بەداخەوە پیاوانێکی زۆرهەن تێناگەن کە یەکسانی و رزگاری ژنان و نەهێشتنی توندوتیژی پرسی هەموو کۆمەڵگایە و کەس ناتوانێت خۆی بە لایەنگری ئازادی و دیموکراسی بزانێت و چالاکانە پشتگیری لە مافی یەکسان بۆ ژنانی کۆمەڵگاکەی نەکات.

**- دووشەممە ٣٠/٤**
رۆژنامەی «هەواڵ» لاپەڕەی ٣ : « وەزارەتی ئەوقاف لە بەیاننامەیەکدا داوا لە خەڵکی

کوردستان دەکات، نەکەونە داوی پیلانی ئاژاوەچییان»!
رۆژنامەی کوردستانی نوێ لەزمان جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانەوە: «تیرۆر کردنی دۆعا و ئێزیدییەکان، هەوڵێکیتری ناحەزانە بۆ کوسپ خستنە بەردەم ماددەی ١٤٠».
- « وتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئیدانەی کوشتنی دۆعا دەکات و ئاماژە بەوە دەکات کە حکوومەتی هەرێم لە ساڵی ٢٠٠٢دا یاسای شەرەفپارێزی عێراقی لە هەرێمی کوردستان هەموار کرد. . .»

پێشە کی بڵێم ئەو هێزە تاریکبیرانەی کە ئەو دۆزەخەیان بۆ عێراق دروستکردووە و وایان کردووە لە عێراق کە بۆ دەیان ساڵی دیکەش بە دەردی شەڕی ئایینی و تایفییەوە دەبێ بناڵێنێت و خۆینبڕێژێت، هەموو هەوڵی خۆیان دەخەنەگەڕ بۆئەوەی ئەو بارودۆخە بکێشنە کوردستانیش. بەڵام ئەمە ناتوانێت ببێت بە پاساوی ئەو بارودۆخەی ژنانی کوردستان تێیدا دەژین و دۆعا تەنها یەک لە نموونەکانیەتی.

وەزارەتی ئەوقاف و جێگری سەرۆکی پەرلەمانیش هەردووکیان هەوڵیان ئەوەیە رووداوەکان لە رۆژی ٢٢ی مانگەوە ببینن. واتە لە تیرۆرکردنی کرێکارە ئێزیدییەکانەوە. توندڕەوە ئیسلامییەکان و ئەلقاعیدە تێکەڵ بکەن. هەربۆیەش ماددەی ١٤٠ و ئاژاوەچیو هەموو ئەو قسانە کۆدەکەنەوە بۆئەوەی خۆیان لە باسە سەرەکییەکە بدزنەوە کە ئەویش توندوتیژییە بەرامبەر بە ژنانی کوردستان و دۆعا تەنها یەک نموونەیەتی.
ئەوە دڕندەیی بێوێنەو هەروەها فیلمی رووداوەکەیە دۆعای کردووە بە قوربانییەکی تاقانەی توندوتیژی و کوشتنی ناموسی. دەنا لەبەر چاو وەزارەتی ئەوقاف و جێگری سەرۆکی پەرلەماندا ئەو هەموو ژنو کچە لە شارو گوندەکانی کوردستان دەکوژرێن و ئەوان کوا هاتنە جواب؟ کامە جار یەکێک لەوانە پێشنیارێکی هێنا بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ بەرەنگار بوونەوەی دیاردەی نگریسی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان. کوا بەدواداچوونێک بۆ ئەو چەند یاسا کەمەیش کە بەڕێوە ناچێت؟ کوا بانگ کردنی وەزیرانی پەیوەندیدار بۆ پەرلەمان بۆ وەڵامدانەوە بە پرسیارەکان.
ئەوان باوەشێنی فەرهەنگی عەشیرەگەری و سوڵحی عەشایری دەکەن و تەنانەت چەند جارێکیش کە بەپێی یاسا بکوژانی ژنان کەوتوونەتە زیندان، لەڕێگای برادەران و دۆستان و خودی سەرەک عەشیرەکانەوە هەوڵیانداوە سوڵحی عەشایری بکەن. ئەمە گەڕانەوە بۆ سەردەمی یاسای بەعسیش نییە، ئەمە گەڕانە وەیە بەناو تونێلە تاریکەکانی مێژوودا بەرەو سەدەکانی ناوەڕاست.

پرسیار لە حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش ئەوەیە کە بۆچی لە رۆژی ٢٤ی مانگدا کە کارە تێرۆریستییەکانی شاری موسڵو دەوروبەری ئیدانەکرد،دۆعای لەبیر نەبوو؟ لەبەرچی لانیکەم یاساکان بەڕێوەناچن؟ با ئەو پرسیارە گەورەیەش بۆ مێژوونووسان بهێڵینەوە کە هۆی چییە لەساڵی ١٩٩٢ەوە پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان دامەزراون بەڵام یاسای شەرەفپارێزی ساڵی ٢٠٠٢ هەموار کروە؟ واتە دەساڵی تەواو لە کوردستان دواکەوتووترین یاساکانی رژیمی بەعس برەویان هەبووە.

**- سێشەممە ١/٥**
- تەرمەکەی دۆعایان دەرهێناوە بزانن پێش مردنەکەی کچبووە یان نا . .(سایتی ئاوێنە ٢٠٠٧/٥/١)
ئەمە ئیتر کارەساتە لە سەر کارەسات. بەکوردی و بەکورتی واتە بۆ بەڵگەیەک دەگەڕێن کە بە بۆچوونی ئەوان کوشتنەکە بە ڕەوا دابنێت. واتە ئەگەر وابێت کوشتنەکەی ڕەوایە بەڵام

شێوەکەی باش نەبووە. یان نا فیلمهەڵگرتنەکە باش نەبوو. ئەمە لەکاتێکدا کە پەیتا پەیتا باسی دواکەوتووی و کۆنەپەرستی تالیبانی ئەفغانستان ئەکرێت و خەڵکی پێدەترسێنن!

**- چوارشەممە ٢/٥**
ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لاپەڕەی شەش: «لەنووسینی خیری شنگالی: بەشێوازێکی دڕندانە کوشتیان . . .ئەو کچە زنای کردبوو لە گەڵ کوڕێکی موسوڵمان و کچەکە خۆی حەشاردابو.»
لێرەشدا خیری شنگالی بەردێکی دیکە دەگرێتە دۆعا و نزیکەی مانگێک پاش بەردبارانکردنەکەی ئەوە وەبیردێنێتەوە کە بەواتای ئەو زیناکار بووە.

**- پێنجشەممە ٣/٥**
هەردوو ڕۆژنامەی خەبات و کوردستانی نوێ: یەکێتی زانایانی ئیسلامی کوردستان لەبەیاننامەیەکدا « ئیدانەی کوشتنی دۆعا خان دەکات و رایدەگەیەنێت کە بەشێوەیەکی نامرۆڤانە شەهیدکرا. . . تکاکارین لە خوای مەزن ئەو خانمە شەهیدە بە بەهەشتی خۆی شاد بکات. . .2007/4/30»

لێرەدا هەڵوێستێکی تەواوجیاواز دەبینین. لە زیناکارەوە بۆ شەهید و لە رەجمکردن و خستنە چاڵەوە بو بەهەشتی خوای مەزن!
ئەوانەی کە باوەڕیان بە هێزی جەماوەر و فشاری بیروڕای گشتی بۆسەر دەسەڵات نییە باشوایە بە وردی سەرنجی ئەم هەڵوێست گۆرینانە بدەن.

لە کۆتاییدا پێم باشە سەرنجی خوێنەر بۆ سەر دوو ڕاپۆرت ڕابکێشم کە هەردووکیان باسی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان دەکەن و بەتایبەت لەسەر پرسی ژنان و توندوتیژی بەرامبەر بەوان ئەدوێن.
یەکەمیان لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاوە (U.S.Depatrment of State) ڕۆژی ٢٠٠٧/٣/٦ بڵاوکراوەتەوە لەژێر سەردێڕی: «عێراق؛ ڕاپۆرت لەسەر بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ووڵات ».
دووهەمیشیان لەلایەن UNAMI نوێنەرایەتی بۆ یارمەتیدانی نەتەوەیەکگرتووەکان بەعێراق، لە ژێر سەردێڕی «ڕاپۆرتی مافی مرۆڤ، یەکی مانگی یەک هە تا کۆتایی مانگی سێ ٢٠٠٧» کە لە سەرەتای مانگی چواردا بڵاو کراوە تەوە.

لە هەردوو ڕاپۆرتەکەدا ڕەخنە ئاراستەی داموو دەزگاکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کراوە. بەتایبەت لە بەشی ژناندا، ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی دەرەوە باس لە زۆربوونی ژمارەی کوشتن بەناوی نامووسەوە دەکات لە کوردستان کە لە سێمانگی یەکەمی ئەمساڵدا ٥٣٤ ژن بوونەتە قوربانی توندوتیژی بەناوی نامووسەوە.
باسی نامەیەک دەکات کە نوێنەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان مانگی هەشتی پارەکە داویانە بە مامجەلال سەرەککۆماری عێراق و شکایەتی ڕێکخراوەکانی NGO یان پێڕاگەیاندووە کە سەرەڕای گۆڕینی چەند یاسایەک کوشتن بەناوی نامووسەوە لە کوردستان هەر بەردەوامە.
لەڕاپۆرتەکەی یو.ئێن دا هاتووە کە کارەکانی پەرلەمانی کوردستان لەسەر توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان زۆر خاوەخاو دەچێتەپێش. وەزیری مافی مرۆڤ و وەزیری ناوخۆ وتوویانە کە باری کۆمەڵایەتی کوردستان هۆی سەرەکی ئەو خاوەخاو بوونەیە. . .

بۆ دەبێت کچێک نەتوانێت بەسەربەستییەوە ئەوینی خۆی ببەخشێت بەو کەسەی خۆشیدەوێت؟

بۆ کچێکی وەکوو دۆعا لەکاتی ئەویندایدا ناچارە یەکەم بیرلە عەشیرەو باوکـو براو ئامۆزای خۆی بکاتەوەو دوای ئەوەش لە پیناسەو ئایینو ڕەگەز و بنەماڵە و عەشیرەی ئەو کوڕەی لەوانەیە ببێتە ئەویندارەکەی؟

دۆعا کوژرا، هەروەکوو ساراو پێلا و فادیمە و هێشوو و بەناز و ئەوانیدیکەش کوژران. بەڵام دەکرا پێش بەکوشتنەکەیان بگیرێت. سیگناڵەکان و نیشانەکان لە بەحزانیو باشیک و هەموو ناوچەکە ئەوەندە ئاشکرابوون کە نیشانبدەن کارەساتێک خەریکە بقەومێت. بەڵام سیستەمی پیاوسالاری کە هەتا سەرئێسقان لە کۆمەڵگاو لە ناو دەسەڵاتدا ریشەی داکوتاوە رێگای بۆ ئەو کارەساتە خۆشکرد.
لە بەرامبەر «دۆعا»کانی ئێستاو داهاتووی کوردستاندا دەسەڵاتی سیاسیو پەرلەمانو پۆلیس و رێکخراوەکانی مەدەنی و بەگشتی هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگا بەرپرسن.

ئەحمەد ئەسکەندەری
ستۆکهۆلم 2007/5/3